گۆڤارا زانستێن مرۆڤایەتی یا زانکۆیا زاخۆ
مجلة العلوم الانسانية لجامعة زاخو
Humanities Journal of University of Zakho (HJUOZ)
Vol. 10, No. 1, pp. 53–64, March -2022
hjuoz.uoz.edu.krd
p-ISSN: 2664-4673
e-ISSN: 2664-4681
journals.uoz.edu.krd

# ئاراستەی قوتابیانی زانکۆی زاخۆ بەرامبەر بە بەکوردیکردنی پرۆگرامی خوێندن و پەیوەندی بە هەندێ گۆڕاوەوە

نەسرەدین ئیبراهیم محمد
بەشی دەروونناسی گشتی، فاکۆلتیی پەروەردە، زانکۆی زاخۆ، هەرێما کوردستانێ– عیراق.

وەرگرتن: 2021/12   پەسەندکرن: 2022/02   بەلاڤکرن: 2022/03   https://doi.org/10.26436/hjuoz.2022.10.1.815

**پوختە:**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانینی ئاراستەی سەمپلێك لە قوتابیانی زانکۆی زاخۆیە بەرامبەر بەکوردیکردنی پرۆگرامی خوێندن لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان و پەیوەندی بە گۆڕاوەکانی رەگەز، پسپۆری، تەمەن و قۆناغی خوێندن. سەمپلی توێژینەوە پێکهاتووە لە (235) قوتابی زانکۆی ناوبراو کە بە شێوەیەکی هەرمەکی هەڵبژێردراون، و بۆ ئەم مەبەستە توێژەر هەڵساوە بە ئامادەکردنی راپرسییەك کە (32) برگە لەخۆ دەگرێت، و دوای دەرهێنانی تایبەتمەندییەکانی سایکۆمەتریك، و بۆ چارەسەری داتاکان ئامرازی ئاماری گونجاوی بەکارهێناوە. و ئەنجامەکان پیشانیانداوە ئاستێکی ئەرێنی لە ئاراستەی قوتابیانی زانکۆی زاخۆ بەرامبەر بەکوردیکردنی پرۆگرامی خوێندن لەو قۆناغە بەدی دەکرێت، و لەگەڵ ئەوەشدا هیچ جیاوازییەکی واتاداری ئاماری لە نێوان ئاراستەکانیان بە پێی گۆڕاوەکانی توێژینەوە نەبوو، و لەسایەی ئەم ئەنجامانە توێژەر کۆمەڵێك راسپاردە و پێشنیاری خستەروو.

**پەیڤێن سەرەکی:** ئاراستە، قوتابیانی زانکۆ، بەکوردیکردن، پرۆگرامی خوێندن.

## 1. پێشەکی

### 1.1. کێشەی توێژینەوە:

بە پێی ئەزموونی بیست ساڵەی توێژەر لە وانەگوتنەوە لە زانکۆیەکانی هەرێمی کوردستان و وەرگرتنی رای کۆمەڵێك لە قوتابیان و مامۆستایان دەردەکەوێت کە یەکێك لە گرفتە هەرە مەزنەکانی زۆربەی قوتابیانی زانکۆ نەبوونی پرۆگرامێکی خوێندنە بە زمانی دایك، واتە زمانی کوردییە. بۆیە بەردەوام گوێبیستی گلەیی قوتابیان لەو بابەتە دەبین، بە تایبەت کە لە قۆناغەکانی پێشتر بە زمانی کوردی دەخوێنن. هەر بۆیە دەبینین پسپۆران داکۆکی لە پرۆگرامی خوێندن دەکەن تا بتوانرێت لە گرفتەکانی دەوروبەر تێبگەین و ئەو پرۆگرامە پەیوەندی لەگەڵ ژیانی رۆژانەی قوتابیانەوە هەبێ تا فێر ببێ و بتوانێ بە هاوکاری ئەوە بیربکاتەوە ( السرور، 2005، 435)، چونکە وەك پسپۆرانی پەروەردەیی بۆی دەچن زۆربەی جار گرفتەکانی پەروەردەیی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پرۆگرامەکانی خوێندن پەیوەندی لەگەڵ ژیانی قوتابیانەوە نیە و ناتوانێ پێداویستییەکانیان تێر بکات، بۆیە پاڵنەرێتی بۆ خوێندن و فێربوون لای پەیدا نابێ (سليم، 2004، 346). لەم سۆنگەیەوە کێشەی توێژینەوە خۆی لەو پرسیارەدا دەبینێ: ئایا ئاراستەی قوتابیانی زانکۆی زاخۆ بەرامبەر بەکوردیکردنی پرۆگرامی خوێندن ئەرێنییە یان نەرێنی؟

### 2.1. گرنگی توێژینەوە:

لە سۆنگەی ئەوەی کە ئاراستەکان فاکتەرێکی کاریگەرن بەسەر رەفتارەکانی تاك و کۆمەڵ، و لە شرۆڤەی ئەو رەفتارانە و پێشبینیکردنیان لە داهاتوودا رۆڵێکی بەرچاو دەگێڕن(أبو جادو، 2007، 192)، بۆیە توێژەرانی ئەم بابەتە توێژینەوەی ئاراستەکانی تاك و بە تایبەت قوتابیان بە گرنگ و پێویست دەبینن بۆ زانینی کاریگەری و پەیوەندیان لەگەڵ تایبەتمەندی کەسێتی و ئاراستەیان بەرامبەر خوێندنیان و پسپۆریان ( مصگفى و گە، 2008، 227–242" سعيد و مرقس، 2008، 334–349).

هەروەها ئەم توێژینەوەیە لەم کاتەی ئێستادا یارمەتیدەرێکی باش دەبێت بۆ بڕیاربەدەستان و پرۆگرام دانەرانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان بۆ پێداچوونەوە و گەیشتن بە پرۆگرامێکی خوێندن لە قۆناغی زانکۆ بە شێوەیەکی هاوچەرخ و سەردەمیانە و زمانی دایك، بە تایبەت وەك پسپۆرانی پەروەردەیی بۆی دەچن سەردەمی ئێستا وادەخوازێ کە پێداچوونەوە بە پرۆگرامەکانی خوێندندا بکرێت تا لەگەڵ پێشکەوتنی زانستی بگونجێ، و ئەوەش بەو واتایەیە کە پێشخستنی پرۆگرامەکانی خوێندن واتە پێشخستنی بینای مرۆڤی داهاتوویە تا بتوانێ لەگەڵ هەموو بوارەکانی ژیان بگونجێ، و گرنگی گۆڕینی پرۆگرامەکانی خوێندن خۆی لەو بابەتە دا دەبینێ ( محمود، 2004، 9)، و بە تایبەت لە قۆناغی زانکۆدا تا قوتابیان کەسی داهێنەر و بەرهەمهێنەر پەروەردە بکرێن و بتوانن لە ئاست بەرپرسیارێتیدا بێن و پرۆگرامی خوێندنی زانکۆیی پەیوەندی بدرێت لەگەڵ پرۆگرامی خوێندن لە

قۆناغەکانی پێش زانکۆ، تا کارامەیی زانکۆ بەرزتر بکرێت (عبدالرحمن، 2000، 130)، چونکە پرۆگرامی خوێندن لەگەڵ ئەوەی کە تەوەری سەرەکی پرۆسێسی فێرکردن، ئەوەندەش ئامرازێکە بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە پەروەردەییانەی کە کۆمەڵگە دایاندەنێت، و دەرهاوێشتەی فەلسەفەی ئەو کۆمەڵگەیەن، و ئەوە هەمان ئەو چەمکە نوێیەیە کە دەتوانێ هاتەریب لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی جیهانی هاوچەرخ رووبەرووی ئاستەنگەکان ببێ (التل، 2008، 94" الشکری و العجری، 2016، 154).

هەروەها ئەم توێژینەوەیە سوودی هەیە بۆ توێژەرانی پرۆگرامەکانی خوێندن وەك سەرچاوەیەکی زانستی لە رێگەی راسپاردە و پێشنیارەکانی، بە تایبەت کە تا ئێستا لە هەرێمی کوردستان ئەو بابەتە توێژینەوەی زانستی لەسەر نەکراوە.

**3.1. ئامانجەکانی توێژینەوە:**

1- ئەم توێژینەوەیە ئەنجامدراوە بە ئامانجی زانینی ئاراستەی قوتابیانی زانکۆی زاخۆ بەرامبەر بەکوردیکردنی پرۆگرامەکانی خوێندن لەو قۆناغە بە شێوەیەکی گشتی،

2- هەروەها زانینی جیاوازی واتاداری ئاماری لە نێوان ئەو ئاراستەیە و گۆڕاوەکانی أ- رەگەز، ب- پسپۆری، ج - تەمەنی قوتابیان، د- قۆناغی خوێندنیان.

**4.1. سنوری توێژینەوە:**

بوارەکانی سنووری توێژینەوە بریتین لە: بواری مرۆیی: قوتابیانی (بواری شوێن) زانکۆی زاخۆ لە قەزای ناوەندی زاخۆ (بواری کات) لە ساڵی خوێندنی 2018-2019، خوێندنی بەیانیان.

**5.1. پێناسەی زاراوەکان:**

**أ - ئاراستە:**

**پێناسەی شریف**: هەڵوێست یان وەڵامێکی نیمچە نەگۆڕە (شریف، 1985، 30).

**پێناسەی کیلۆگ و پیساکرێتا**: ئامادەبوونێکی هەمیشەیی و نیمچە نەگۆڕ بۆ هەڵسان یان بەرپەرچدانەوە و وەڵامێك بە شێوەیەکی تایبەت بەرامبەر کەسانێتر یان بابەت یان دامەزراوەیەکە ( Kellogg & Pisacreta, 2003, 495).

**پێناسەی هۆرنبای**: شێوازی بیرکردنەوە و هەستپێکردنی تاکە لە بارەی کەس یان شتێك (Hornby, 2003, 67).

توێژەر ئاراستە بە **تیۆریکی** بەم جۆرە پێناسە دەکات کە بریتیە لە: ئامادەبوونێکی ویژدانی وەرگیراوە کە رەفتارەکانی تاك بەرامبەر هەڵوێستەکانی ژیان کە رووبەرووی دەبن، ئاراستە دەکات" و **پێناسەی کرداری** بریتیە لەو نمرەیەی قوتابیان لە وەڵامی پێوەری ئاراستە، کە بۆ ئەم توێژینەوەیە ئامادەکراوە، وەری دەگرن.

**ب. پرۆگرامی خوێندن:**

**پێناسەی هۆرنبای**: ئەو بابەتانەیە کە لە کۆرسێکی خوێندندا قوتابیان لە قوتابخانە و زانکۆ فێردەکرێن ( Hornby, 2003, 308).

**پێناسەی عەلی**: کۆمەڵێکی جۆراوجۆر لە ئەزموونەکانی پێکهاتوو کە لە رێگەی وانەوتنەوە ئاراستەی قوتابیان دەکرێت و ئەنجامەکانی لە رێگەی فێربوونیان دەردەکەوێت (علی، 2007، 216).

**پێناسەی الشکری و العجری**: ئامرازێکی پەروەردەیە بۆ وەدەستهێنانی ئامانجەکانی پەروەردەیی لە بینا و پێشخستن و خزمەتی کۆمەڵگا لە رێگەی پێگەیاندنی نەسلێکی نوێ (الشکری و العجری، 2016، 167).

**پێناسەی عبدالرحمن**: رێگە یان شێواز یان ئەو چۆنیەتییەیە کە وەدەست توێژەر یان زانایەك دەکەوێ (عبدالرحمن، 2017، 24).

**ج. زمان :**

**پێناسەی هارلێی** (Harley, 2001): کۆمەڵێك لە یاسا و نیشانەن کە توانایی پەیوەندیکردن بە مرۆڤ دەبەخشن (ێیزنك و کین، 1389، 367).

**پێناسەی سندی**: ئەو جۆرە گۆتارەی کە نەتەوەیەك قسەی پێدەکات (سندی، 2010، 72).

**د. بەکوردیکردنی پرۆگرامی خوێندن**: توێژەر پێناسەیەکی بۆ ئەو چەمکە لە هیچ سەرچاوەیەك دەستی نەکەوت بۆیە هەڵساوە بە پێناسەکردنی بە کرداری بەم شێوەیە، و بریتییە لە گۆڕینی پرۆگرامی خوێندن لە زانکۆکان لە زمانێکەوە بۆ زمانی کوردی لە رێگەی وەرگێڕانەوەی پەرتووك و وانەکان.

**1. وێژە و چوارچێوەی تیۆری تایبەت بە ئاراستەکان:**

**2. پێشەکی:**

بە پێی سەرچاوەکان، فەیلەسۆفی بەریتانی، هێربێرت سپێنسێر ( H. Spencer) بۆ یەکەم جار زاراوەی ئاراستەی لە ساڵی (1862) لە نووسینەکانی خۆیدا بەکارهێناوە (ابو جادو، 2007، 189)، دواتر ئەو چەمکە لە زانستەکانی مرۆیی بە گشتی، و پەروەردەیی و دەروونزانیدا بە تایبەت، بووە جێگەی بایەخی زانایان، و زانایانی دەروونزانی هەوڵیاندا لە چۆنیەتی دروستبوونی و فاکتەرەکانی کاریگەر بە سەریەوە تێبگەن و لەم سۆنگەیەوە بیردۆزی جیاواز هاتنە ئاراوە و تیایدا یاسای گۆڕین و یان راستکردنەوەی، بە جۆرێك کە لەگەڵ کۆمەڵگادا بگونجێ، پەیدا بوون( Gleitman, et al, 2004, 375).

**تایبەتمەندییەکانی ئاراستەکان**: دەتوانین ئەو تایبەتمەندییانە بەم شێوەیە روون بکەینەوە کە : وەرگرن و لە رێگەی پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی فێردەکرێن، و بەردەوامن و درێژەپێدراون، و تا رادەیەك نەگۆڕن بەڵام لە هەمان کاتدا لە دۆخی تایبەتدا دەگۆڕدرێن، و دەپێورێن و هەڵدەسەنگێدرێن و دەکرێت پێشبینیان بکەین، و دەکرێ

ئەرێنی بن یان نەرێنی بن، دەکرێ بەهێز یان لاواز بن، و دەکەونە ژێر کاریگەری ئەزموونی تاك و کاریگەریان تیایدا دەکەن (الآلوسی و علیخان، 1984, 387" ابو جادو، 2007، 192).

چەمکی ئاراستە لە سێ پێکهاتەی سەرکی پێکدێت، کە بریتین لە : پێکهاتەی مەعریفی (سلامە، 2007، 62)، پێکهاتەی ویژدانی (أبو حتلە، 2005، 121)، و پێکهاتەی رەفتاری ( Kellogg & Kreitner and Kinicki, " Pisacreta, 2003, 495 2004, 197).

**قۆناغەکانی پێکهاتنی ئاراستەکان:** لە سێ قۆناغ پێکدێت کە بریتین لە:

1- قۆناغی مەعریفی: و تیایدا تاك ورووژێنەرەکان ژینگەیی دەرك دەکات و بە هۆیانەوە فێری ئەزموون و زانیاری دەبێ.

2- قۆناغی هەڵسەنگاندن: تاك تیایدا بە پێی چوارچێوەی مەعریفی خۆی هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا دەکات و ئەوەش پەیوەستە بە هەستەوەرەکانی.

3- قۆناغی بڕیاردانەوە: تیایدا تاك بڕیار لەسەر ئەم ورووژێنەرانە و پێکهاتەکانی دەدات (المعایگە، 2007، 155).

**فاکتەرەکانی کاریگەر لە پێکهێنانی ئاراستەکاندا:** لە گرنگترینی ئەو فاکتەرانە دەتوانین ئاماژە بە لایەنی بۆماوەیی و خێزانی (العزی، 2011، 84)، قوتابخانە ( محمد، 2004، 4)، کۆمەڵگا ( حوسێن، 2012، 72) بکەین. کاتێك پەیوەندییەکانی تاك کەسانیتر لەخۆ دەگرێت و بۆیان دەگوازرێت دەکەوێتە ژێر کاریگەریان و کاریگەریشیان تیایدا دەکات و ئەوەش لە نێو ئەو کۆمەڵگایە روو دەدات کە کۆمەڵێك یاسا و رێسا و رێکخراو لەخۆ دەگرێت و بە دیفاکتۆی کۆمەڵایەتییەکەی هەژمار دەکرێت (بیرم، 2011، 85)، و ئەلبۆرت چەند مەرج بۆ پێکهاتنی ئاراستەکان دەستنیشان دەکات کە بریتین لە ئەزموونی تاك لە بارەی بابەتێکی تایبەت تەواو دەبێ و کۆ دەبێ لەگەڵ ئاراستەی دیکە و لە ئەنجامدا ئاراستەی ئەو تاکە بەرامبەر بە بابەتەکە پێکدێت، و ئاراستە بە پرۆسەیەکی جیاوازکەرانەدا دەرباز دەبێ، و ئەوەش پەیوەستە بە ئەزموونە جیاوازەکانی تاك لە ژیانی رۆژانەیدا، و هەندێ جار ئەو ئەزموونانە لە ئەنجامی لاساییکردنەوەی دایك و باوکان و دۆستان و کەسانیترەوە دروست دەبن (عیمان و کمال، 2010، 200)، و وێرای فاکتەرەکانی سەرەوە یاساکانی کۆمەڵگا و داب و نەریتەکانی و ئایینیش رۆڵێکی بەرچاو لە دروستبوونی ئاراستەکاندا دەگێڕن (الوکیل و المفتی، 2007، 68).

**گۆڕانی ئاراستەکان:** سەرباری ئەوەی کە ئاراستەکان تا رادەیەك نەگۆڕ و بەردەوامن بەڵام لە هەمان کاتدا دەگۆڕدرێن و بۆ ئەوەش هەندێ فاکتەر کاریگەرن بۆ ئاسانکاری لەو گۆڕانەدا وەك : ئامرازەکانی راگەیاندن بە هەموو جورەکانیەوە وەك رادیۆ و تیلفزیۆن و رۆژنامە و گۆڤار و پەرتووکەکان، و ئەوەش لە رێگەی پێشکەشکردنی زانیاری و راستیەکان و بیروباوەر و وێنە و هەواڵەکان لە بارەی بابەتی ئاراستەکان، و هەروەها رووداوەکانی وەك جەنگەکانی جیهانی و ناوچەیی و راپەرین و ...هتد لەو گۆڕانەدا رۆڵ دەبینن (العبیدی و ولی، 2009، 314).

2.2. **بیردۆزەکانی تایبەت بە ئاراستەکان:** چەندین تیۆر و بیردۆزی هەن کە ئاراستەکان شیدەکەنەوە و ئەوانیش بریتین لەمانەی خوارەوە:

**بیردۆزی لێکنزیکیی مەرجی:** بە پێی ئەم تیۆرە ئاراستەکانی تاك لە رێگەی لێکنزیکیی مەرجی دروست دەبن، و ئەویش کاتێك کە تاك ورووژێنەرەکانی سروشتی نەمەرجی لەگەڵ ورووژێنەرەکانی مەرجی بێ لایەن پەیوەندی دەدات و لە میانەی ئەو لێکنزیکییە و بۆ ماوەی چەند جارێك وەڵامی مەرجی سەرهەڵدەدەن یان کاردانەوەی مەرجی بۆ هەمان ورووژێنەرە سروشتیانە پەیدا دەبن. واتە لە نێوان وەڵامە سەرکەوتووەکان و هاوشێوەیان پەیتا پەیتا پەیوەندی دروست دەبێ بە جۆرێك کە وەڵامە سەرکەوتووەکان زیاتر لە هەر وەڵامێك لە لایەن فێرخوازەوە رووەدەدەن و دواتریش فێرخواز دەکەوێتە ژێر کاریگەری وەڵامەکانی ئەو ورووژێنەرانە ( أبو جادو، 2008، 113).

**بیردۆزەکانی فێربوونی کۆمەڵایەتی:** بە پێی لاساییکردنەوە و تێبینیکردن شرۆڤەی فێربوونی ئاراستەکان دەکەن، واتا تاك لە رێگەی لاساییکردنەوە یان تێبینیکردنی رەفتارەکان و خوویەکانی خەڵکانیتر ئەو رەفتار و خوویانە فێردەبێ، بەتایبەت ئەگەر پاداشت و سزادانی لەگەڵدا بێ، لە پیشەنگەکانی ئەو تیۆرانە باندۆرا و هۆڤلاندن (سعید و مرقس، 2008، 337).

**بیردۆزەکانی مەعریفی:** ئەو بیردۆزانە پشت بەوە دەبەستن کە دەبێ هاوکاری تاك بکرێت تا سەرلە نوێ زانیارییەکانی تایبەت بە بابەتێکی پەیوەست بە ئاراستەکان رێکبخرێن و بناغەی مەعریفی پەیوەندار بەو بابەتە و ئاراستەیە سەرلە نوێ دروست بکرێت و ئەویش لە ژێر سێبەری زانیاری و داتاکانی بەردەست لە بارەی بابەتی ئاراستەکانەوە. بە پێی ئەم تیۆرانە ئاراستەی رەفتارەکانی نێوان گرووپەکان بۆ ئەو پرۆسە مەعریفیانە دەگەڕێتەوە کە پێش دروستبوونی بیروبڕوای یەکێك لەو گرووپانە پەیدابووە. ئەو پرۆسە مەعریفیانە دەست دەکات بە پۆلینکردنی ئەوانیتر و ئەویش لە رێگەی بڵاوکردنی ئەو بابەتانە لە نێو تاکەکانی کۆمەڵگا بە پشت بەستن بە دەرککردنی کۆمەڵایەتی و بە هۆیەوە هەر گرووپ و کۆمەڵەیەك دەخرێتە نێو جۆرێکی تایبەت کە بۆ کۆمەڵگا ئاشنایە، و تاکەکان لە رێگەی ئەوانەوە لەگەڵ یەکتریدا هەڵسوکەوت دەکەن (ابراهیم، 2005،147)، میلتۆن رۆکیش لەو بڕوایەدایە کە بۆ تێگەیشتن لە کەسایەتی تاکێك دەبێ لە ئاراستە و بەهاکان تێبگەین، و ئەو

چەمكانە ئاماژەن بۆ پەیوەندی زۆر گرنگ و پێویست لە نێوان تاك و كۆمەڵگا (البرواری، 2012، 234).

**بیردۆزەكانی ئەركایەتی ئاراستەكان:** دێڤید سیلڤێرمان دەڵێت ئەو بیردۆزە لەسەر بنەمای ئەو پرسیارانە پەیدا بووە كە: كۆمەڵگا چۆن دەتوانێ بژیت و بەردەوام بێ لە كاتێك كە تاكەكانی جیاوازن و دەگۆڕدرێن؟ چۆن مرۆڤەكانی خاوەن كەسایەتی جیاواز دەتوانن لەگەڵ یەكتری بژین و ستونێكی پەیوەندی كەم و زیاد بەردەوام ئاوەدان بكەن (الراشدان، 2005، 251)، و كاتز و ستۆتلاند وای بۆ دەچن كە بنەمای پاڵنەر بۆ ئاراستەكان وەك كلیلی تێگەیشتنی گۆڕانی ئاراستەكان و خۆڕاگریانە لە بەرامبەر گۆڕانكاریدا. هەروەها فاكتەرەكانی پەیوەندار و هەڵوێستانەی ئاراستەكراو لە پێناو گۆڕینی ئاراستەكان كاریگەری جیاوازی هەیە و پەیوەنداره لەگەڵ بنەمای پاڵنەرێتی. لە میانەی دەربڕینی تاك لە خۆدی خۆی بەردەوام دەبێ لە تێركردنی خۆی كاتێك كە ئەم ئاراستەیانە بگونجن لەگەڵ چەمكی خۆد و بەهاكانی كەسایەتییەكەی. لە روانگەی ئەركگەرایەكان رەفتارەكانی لادراو كاریگەری نەرێنیان دەبێ و لە بنەڕەتدا بۆ پێداویستیی ئەركایەتی سیستەمی كۆمەڵایەتی كۆمەڵگا دەگەڕێتەوە ( موحسنی، 2007، 367).

**بیردۆزی شیتەڵكردنەوەی دەروونی:** ئەو بیردۆزە وای بۆ دەچێ كە ئاراستەكانی تاك بۆ شتەكان بەرهەمی ئەو ململانێیانەیە كە لە نێوان ئید (Id) ، كە خۆی لە ڕەمەكاندا دەبینێ و هەروەها نێوان منی باڵا (super ego) ، كە خۆی لە پێوەر و بەها كۆمەڵایەتییەكاندا دەبینن، دروست دەبن. واتە كاتێك شلەژان نزم بێ ئاراستەكان ئەرێنین، و كاتێك شلەژان زۆر بەرز بێ ئاراستەكان نەرێنی دەبن (مصگفی و گه، 2008، 230).

1. 2. **وێژە و ئەدەبیاتی تایبەت بە زمان و پرۆگرامی خوێندن:**

2. 2: **پێشەكی:**

زمان بە سیستەمەكی ئاڵۆز هەژمار دەكرێت كە مرۆڤ لە بوونەوەرەكانیتر جیا دەكات، و ترپەی شارستانەیتی مرۆڤە چونكە كەرەستەیەكی سەرەكییە نەسلەكان بە یەكەوە دەبەستێتەوە، و لەو ڕێگەیەوە ئەزموون و زانیاری دەستكەوتەكانی شارستانی لە بەرەبابێك بۆ ئەوەیتر دەگۆازێتەوە ، ئەویش لە ڕێگەی گۆاستنەوەی بیرۆكە و كەلتوور لەنێو نەسلەكان (الزغول و الهنداوی، 2015، 365).

زمانی كوردی وەك زمانی دایك و زمانێكی زیندوو، پەیوەندی هەیە بە ئالوگۆڕی بیروڕا و زانیارییەكان،، و دەربڕینی ئەو شتانەی پێویستن، و هەروەها هەڵسوكەوت لەگەڵ یەكتریدا، و پێكەوە بەستنی تاكەكانی نێو كۆمەڵگەدا، و لە گرنگترین بنەماكانی نەتەوەی كوردە، و دیارترین ناسنامەی ئەو نەتەوەیەیە، و هەروەها یەكێكە لە بەهێزترین فاكتەرەكان بوون و مانەوەی ئەو نەتەوەیە، و هەروەها ئەڵقەی پەیوەندییە لە نێوان رۆشنبیری ئێستا و كەلتووری كۆنی ئەو نەتەوەیە، و گەنجینەی مێژوویەتی، و جێگەی شانازیەتی و هێمای یەگرتنەوەی هەموو تاكەكانی كوردە لە جیهاندا و كەرەستەیەكە بۆ پاراستنی كەلتوورەكەی لە نەمان و لەبیركردنەوەی (سلیمان، 2013، 4" تۆفیق، 2008، 93).

2.3. **بیردۆز و فەلسەفەكانی تایبەت بە پرۆگرامی خوێندن:**

**بیردۆزی پرۆگرامی كۆنترۆلكەرانە:** باس لە لایەن و چوارچێوەی كۆنترۆلكردنی پرۆگرامی خوێندن دەكات لە پێناو ئاراستەكردنی بۆ مەبەستی بەرزكردنی ئاستی كارامەیی و چالاكتر كردنی پەروەردەیی (ابو حتله، 2005، 44)، و ئەوەش لە پێناو بەرزتر كردنی ئاستی بەرهەمهێنان لەو گۆڕەپانە و سوودگەیاندنی زیاتر بە كۆمەڵگەی مرۆڤی.

**بیردۆزی بنیاتنانەوە** (constructive theory): دانانی بنەمای دەروونی بە بەردی بناغەی دانانی پرۆگرامی خوێندن دادەنێت، و وای بۆ دەچێ كە گرنگە و پێویستە زۆرێك لە نواندنەكانی وانەگۆتنەوە لە قوتابخانەكان بگۆڕدرێن. گریمانەكانی ئەم بیردۆزە بە بنەمای شرۆڤەی فێركردن دادەنرێن لە رووی ئامانج و ناوەرۆك و ستراتیجییەكانی وانەگۆتنەوە و هەڵسەنگاندنەوە (ڤگامی، 2013، 753).

**بیردۆزی پرۆگرامی شرۆڤەكارانە:** ئەم بیردۆز و تیۆرە گرنگی بەو شرۆڤە بیركردنەوانە دەدات كە ڕەهەندەكانی پرۆگرامی خوێندن و پرۆسێسە پەیوەندارەكان روونده‌كاتن، و هەروەها بایەخ بەو داهێنانە دەدات كە ئەركی شرۆڤەی دیاردە و لایەنەكان پراكتیكیی پرۆگرامی خوێندن و تێگەیشتن و دەستنیشانكردنی لایەنە نەرێنی و لاوازییەكان لە ئەستۆ دەگرێت (ابو حتله، 2005، 44).

**بیردۆزی پرۆگرامیانەی ڕەخنەگرانە:** بە بەرفراوانترین بیردۆز و تیۆرەكانی بواری پرۆگرامی خوێندن هەژمار دەكرێت، و زیاترین ئاستی ئەرێنی لە خۆی دەگرێ و لە هەموویان زیاتر دەخرێتە بواری جێبەجێكردنەوەدا، چونكە لە نێوان لایەنەكانی تیۆریكی و پراكتیكیدا و نێوان ئەركەكانیتردا بەیەكەوە بەستنەوە دروست دەكات دەبێتە هۆكار بۆ ئەوەی لەیەك كاتدا لە پرۆگرامی خوێندن تێبگەین و لە هەمان كاتدا كۆنترۆلی بكەین (ابو حتله، 2005، 45).

**فەلسەفەی نوێخوازی:** ئەو فەلسەفەیە وای بۆ دەچێ كە پرۆگرامی خوێندن دەبێ هاندەری چارەسەریی گرفتەكانی كۆمەڵایەتی بێ و بەو ئاراستەیە بمانبات، بۆیە دەبێ پرۆگرامەكان وان دیزاین بكرێن كە بەرنامەیەكی چاكسازیی زانستی بێ تا بتوانێ بەرەو چاكسازی كۆمەڵایەتی ئاراستەمان بكات (عیسان و ئ‌خرون، 2007، 48).

**فەلسەفەی ئایدیالیزم( المپالیە): ئەم فەلسەفەیە** وای بۆ دەچێ كە دەبێ پرۆگرامی خوێندن هەموو ئەو بابەتانەی خوێندن لەخۆ

بگرێت كە سەرەكین و هاوكارن بۆ ئەوەی لایەنی ئەقڵی و رەوشتیی تاك گەشە بكات، هەروەها دەبێ هەموو ئەزموونی مرۆڤایەتی لەخۆ بگرێت چونكە ئەو ئەزموونانە گرنگی خۆی هەیە. هەروەها دەبێ زانستەكان و وێژە و خوێندنی مرۆڤایەتییەكان لەخۆ بگرێتچونكە ئەو زانستانە هاوكاری تاك دەكەن لەیەكتری تێبگەن و هەروەها لە ژینگەی خۆی تێبگات(ابو حتلە، 2005، 51).

**فەلسەفەی وجوودی** (Existentialism): بە بڕوای ئەو فەلسەفەیە دەبێ پرۆگرامی خوێندن لە سەنتەرەكانی خوێندندا بە جۆرێك دابڕێژرێن و دیزاین بكرێن كە بنەمای تاك وەك كەسێتی تیایدا زاڵ بێ، و پێویستە قوتابی تەوەری سەرەكی پرۆسەی فێركردن بێ، و ئەوەش چونكە بابەتی خوێندن و وانەكان لە بنەڕەتدا ئامانج نین بەلكو تەنها ئامرازێكن بۆ گەشەكردنی خود (حمودە، 2008، 127).

**فەلسەفەی ریالیزم (الواقعیە)**: ئەرستوو بە دامەزرێنەری هەژمار دەكرێت و فەیلەسوفەكانی وەك برتراند ڕاسێل و ئۆگست كۆنت و ...هتد، پیشەنگەكانی ئەو فەلسەفەیەن. لە دیدی ئەو فەلسەفەیە پرۆگرامی خوێندن دەبێ لەسەر بنەمای سایكۆلۆژیای فێربوون و بنەمای لە ئاسانەوە بۆ بابەتی قورس رێكبخرێت. ئەو بابەتانەش دەبێ : زانست و بیركاری و مرۆڤایەتییەكان و بابەتی كۆمەڵایەییەكان و بەهاكان بن. چونكە ئەو بابەتانە هاوكاری مرۆڤ دەكەن لەگەڵ ژینگەی خۆی بگونجێت و سازان بكات (ابو حتلە، 2005، 57)

**3.3. بیردۆزی تایبەت بە زمان:**

**بیردۆزی یەكەداری** (modularity): خاوەنەكەی (فۆدور، 1983) لەو بڕوایەدایە كە سیستەمی مەعریفی لای مرۆڤ بریتییە لە چەند بەش كە بە شێوەیەكی سەربەخۆ كاردەكەن، و هەر بەشێك بریتییە لە كۆمەڵێك پرۆسێس كە داتا پێدراوانی یەك یەكەی جیاواز دەگۆڕن و دەیكەن بە بەرهەمێكی دەرەكی بە بێ ئەوەی سوود لە هۆكارەكانی دەرەكیی كاریگەر وەربگرن (ئێزنك و كین، 1389، 368)، واتە بەشی زمانەوانی تەنها زانیارییەكانی زمانەوانی شرۆڤە دەكات و یەكەی بینین تەنها زانیارییەكانی تایبەت بە كاری بینین شرۆڤە دەكات و ئەوەش پرۆسەیەكی ناچارییە و ئەو كارە بە شێوەیەكی نەستی و بەدەر لە ویستی مرۆڤ روودەدات (ئێیسنك، 1379، 299).

**بیردۆزی وۆرف** (B. L. Whorf, 1956): لەسەر ئەو بنەمای ئەو گریمانەیە دامەزراوە كە زمان كاریگەری سەرەكیی لەسەر بیركردنەوەی مرۆڤ هەیە، بە جۆرێك كە لە زمانە جیاوازەكاندا دەتوانێت سنووورداری بكات و كاریگەری لەسەر دەرككردن و تەنانەت بیردانكی مرۆڤ دەكات (ئێزنك و كین، 1389، 368).

**3.4. توێژینەوەكانی پێشووتر:**

ئەوەندەی توێژەر ئاگادار بێ، هیچ توێژینەوەیەك كە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەم لێكۆڵینەوەوە هەبێ، نەبووە، و ئەمە خۆی لە خۆیدا خاڵێكی بەهێزیی ئەم لێكۆڵینەوەیە.

**3.1. كردارەكانی پەیوەندار بە جێبەجێكاری توێژینەوە**

ئەم بەشە خاڵەكانی خوارەوە بەخۆیەوە دەگریتن:

**أ – كۆمەڵگای گشتی توێژینەوە:**

كۆمەڵگەی گشتی قوتابیانی زانكۆی زاخۆ لە ساڵی خوێندنی (2018–2019) بریتین لە (4510) قوتابی وەك لە خشتەی (1) هاتووە:

خشتەی (1) دابەشبوونی كۆمەڵگەی گشتی توێژینەوە لە زانكۆی زاخۆ

| ژ | كۆلیژ/فاكۆلتی | بەش | یەكەم | دووەم | سێیەم | چوارەم | كۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | پەروەردە | دەروونزانی | 163 | 49 | 50 | 59 | 321 |
| | | وەرزش | 47 | 43 | 37 | 78 | 205 |
| | | ماتماتیك | 88 | 40 | 0 | 0 | 128 |
| | | جۆگرافیا | 115 | 49 | 0 | 0 | 164 |
| 2 | كارگێری و ئابووری | ئابووری | 122 | 89 | 57 | 46 | 314 |
| | | بانك | 33 | 78 | 69 | 0 | 180 |
| | | كارگێری | 107 | 87 | 66 | 46 | 306 |
| 3 | زانست | بایلۆجی | 121 | 32 | 56 | 44 | 253 |
| | | كیمیا | 122 | 61 | 58 | 50 | 291 |
| | | كۆمپیوتەر | 126 | 33 | 52 | 42 | 253 |
| | | فیزیك | 125 | 48 | 65 | 28 | 266 |
| | | ماتماتیك | 164 | 70 | 77 | 64 | 375 |
| | | ژینگەه | 28 | 45 | 29 | 28 | 130 |
| 4 | ئاداب | ئیسلامی | 69 | 49 | 81 | 53 | 252 |
| | | مێژوو | 108 | 56 | 74 | 74 | 312 |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 5 | ئەندازیاری | نەوت | 50 | 43 | 61 | 58 | 212 |
| | | میکانیك | 36 | 50 | 40 | 20 | 146 |
| 6 | پەروەردەی بنیات | کۆمەڵایەتی | 172 | 45 | 0 | 0 | 217 |
| | | زانست | 147 | 38 | 0 | 0 | 185 |
| کۆی گشتی | | | | | | | 4510 |

**ب – سەمپلەکەی توێژینەوە:** ژمارەی سەمپلی توێژینەوە (235) قوتابییە کە بە شێوەی چینایەتی هەڕەمەکی لە کۆمەڵگەی گشتی توێژینەوە هەڵبژێردراون، بە رێژەی (5٪)، و بە پێی سەرچاوەکانی بڕواپێکراو ئەو سەمپڵە بۆ توێژینەوەیەکی شرۆڤەکاری گونجاوە (المنیزل و العتوم، 2010، 114)، وەك لە خشتەی (2) دا هاتووە.

خشتەی (2) دابەشبوونی سەمپلی توێژینەوە بە پێی گۆڕاوەکانی توێژینەوە

| قۆناغ | ژمارە | پسپۆری | ژمارە | تەمەن | ژمارە | رەگەز | ژمارە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| یەکەم | 59 | زانستی | 109 | 18–21 | 126 | نێر | 115 |
| دووەم | 67 | وێژەیی | 124 | 22–25 | 99 | مێ | 120 |
| سێیەم | 65 | | | | | | |
| چوارەم | 44 | | | | | | |
| کۆی گشتی | 235 | | 235 | | 235 | | 235 |

**ج – ئامادە کردنی ڕاپرسی و دوروستی و نەگۆڕییەکەی:** لە بواری سایکۆمێتریدا، ڕاپرسی، وەك کۆمەڵێك برگە کەرەستەیەکی گونجاوە بۆ توێژاندنی لایەنە جیاوازەکانی پەیوەست بە مرۆڤەکان بە تایبەت پێدانی زانیاری لە زۆر بوار و لەوانەش سیستەمی بەهاکان و کەسایەتیان ( Colman,2009 ,630). بە هۆی ئەوەی کە ڕاپرسیەکی تایبەت و ئامادەکرا بۆ پێوانی بابەتی توێژینەوە وەدەست توێژەر نەکەوت، بۆ ئەم مەبەستە توێژەر بە پشتبەستن بە وێژە و ئەدەبیاتی توێژینەوە، ڕاپرسییەکی بە زمانی کوردی–بادینی، ئامادەکرد کە پێکهاتبوو لە (42) برگە، و دوای ئەوە ئەم ڕاپرسییە لە سەر چەند بسپۆرێکی بوارەکانی پەروەردەیی، سایکۆلۆژی، زمانی کوردی و وانەگوتنەوە لە زانستگەکانی زاخۆ و دۆلج و هەروەها بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی زاخۆ دابەشکران بۆ مەبەستی وەرگرتنی بیروڕایان لە سەر برگەکانی پێوەرەکە و رێژەی رەزامەندی ( 74٪ ) بوو (پاشکۆی ژمارە 1). دوای لادانی (10) برگە وێنەی کۆتایی ڕاپرسییەکە بووە (32) برگە. هەروەها بۆ مەبەستی دۆزینەوەی نەگۆڕی ڕاپرسیەکە، توێژەر ڕاپرسییەکەی دووجار بەسەر ( 26 ) قوتابی دابەشکرد و رێژەی نەگۆڕییەکە بە پێی هاوکێشەی پیرسۆن گەیشتە(0.69)، و ئەوە بەهێزیی پەیوەندی پێوەرەکە پیشاندەدات (النجار، و ئخرون، 2013، 223).

**د – جێبەجێکاری لێکۆڵینەوە:** پاش وەدەستهاتنی تایبەتمەندیەکانی سایکۆمێتریك پێوەر، ڕاپرسیەکە بەسەر سەمپڵی پەیوەندیدار بە توێژینەوە و لە زانکۆی زاخۆ دابەشکران، و پاش کۆکردنی ڕاپرسییەکان و لادانی ئەوانەی کەموکۆڕییان هەبووە، چارەسەری ئاماریان بۆ کرا بە دانی نمرەی ( 1 و 2 و 3 و 4 و 5) بۆ وەڵامی برگەکانی ئەرێنی و بەپێچەوانەوە ( 5 و 4 و 3 و 2 و 1 ) بۆ برگە نەرێنییەکان.

**هـ –** سوود لە فۆرموولەکانی ئاماری خوارەوە وەرگیراوە: هاوکۆلکەی پەیوەندیی پیرسۆن ( Dunn, 2001,207)، کێش و رێژەی سەدی و سیستەمی پرۆگرامی شرۆڤەکاری (SPSS ).

**4.خستنەڕوو و شیکردنەوەی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە:**

لەم بەشەدا ئەنجام و گفتگۆیی ئەنجامەکان بە پێی ئامانج و گریمانەکان خراونەتە ڕوو:

ئامانجی یەکەم: ئامانجی تایبەت بە ئاراستەی قوتابیان بەرامبەر بەکوردیکردنی پرۆگرامی خوێندن بە گشتی، و بۆ ئەم مەبەستە و پاش سودوەرگرتن لە سیستەمی ( SPSS ) و هاوکێشەی ( T test ) بۆ تەنها نموونەیەك بە شێوەی خوارەوە، و لە خشتەی ژمارە (3) دا هاتووە:

خشتەی (3) ( T test ) ی وەدەستهاتوو و خشتەیی بۆ نموونەی توێژینەوە بە گشتی

| ژمارەی سەمپل | ناوەندی گریمانەیی | نمرەی ژمێریاری (نێوەنج) | لادانی پێوەرکاری | بهای t | | پلەی ئازادی | سەلماندنی ئامارەیی و بەرامانبوونی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | وەدەستهاتوو | خشتەیی | | |
| 235 | 96 | 126,76 | 19,23 | 24,5 | 1,65 | 234 | واتادار و بەرامانە |

وەك لە خشتەی سەرەوە دیارە بەهای ( T test) دەستکەوتوو کە بریتیە لە (24,5 ) گەورەترە لە بەهای خشتەیی (T test (1,65)، و ئەوەش لە ئاستی (0,05) و بە پلەی ئازادی (234)، و لەبەرژەوەندی نمرەی ژمێریاری، واتە قوتابیانی زانکۆی زاخۆ ئاراستەیەکی ئەرێنیان هەیە بەرامبەر بەکوردیکردنی پرۆگرامەکانی خوێندن لە ئاستی زانکۆکاندا. توێژەر ئەوە بۆ ئەوە دەگەڕێنێت کە قوتابیان پێیان وایە کاتێك پرۆگرامی خوێندن بەکوردی بێت ئەوە تێگەیشتن لە وانەکان بۆیان ئاسانتر و خێراتر دەبێ و دەتوانن لە ناو پۆل بەشێکی زیاتر لە وانەکان و وتەکانی مامۆستا تۆمار بکەن و ئەوەش دەبێتە فاکتەرێکی بەهێز تاوەکو بابەتەکان بۆ ماوەیەکی زیادتر لە یادی قوتابیان بمێنێتەوە و قوتابیان نەچار دەکات کە کەمتر پەنا بۆ گزیکردن لە تاقیکردنەوەکاندا ببەن، چونکە ئەو کات بابەتەکانی پێ باشتر هەرس دەکرێت و ئاستی بروابەخۆبون لایان زیاتر دەبێ. هەروەها قوتابیان پێیان وایە کاتێك وانەکان بەکوردی دەگۆترێن و پرۆگرامی خوێندن بەکوردی بێت پەیوەندی نێوان قوتابیان و مامۆستا و کۆمەڵگەی کوردەواری زیاتر دەبێ، و زانیارییەکانی وەرگیرا لە وانەکان لە ئایندەدا زیاتر بەکەلکیان دێت. لە لایەکیترەوە کاتێك پرۆگرامی خوێندن بەکوردی بێت هەستی نەتەوایەتی لای ئەوان بەهێزتر دەبێ. و ئەم فاکتەرانە هەمووی کاریگەریان بە سەر قوتابیان هەبووە و ئەوەش لە وڵامەکانیان بۆ پێوەری ئەم توێژینەوەیەدا دەردەکەوێ. ئەوەش بەو واتایە دێت کە وەك پسپۆرانی پەروەردەیی ئاماژەی پێدەدەن گۆڕانی گەورە و بەرچاو لە پرۆسە و شێوازەکانی پەروەردەیی پەیدابووە و سەردەمی ئێستا بۆوەتە سەردەمی پەروەردەیەکی دیموکراتیانە، و تیایدا کاتی ئەوە بەسەر چووە سەنتەرەکانی خوێندن و فێرکردن بە زانیاری تیۆریك مێشکی قوتابیان پڕبکەن، ئەو زانیارییانەی هیچ پەیوەندییان بە ژیانی رۆژانەی ڕاستەقینە و کۆمەڵگای قوتابیانەوە نیە و تەنها پڕکردنی مێشکی قوتابیانە کە دواتر زوو لە بیریان دەچێ (ابو حتله، 2005، 147)، هەروەها دەبێ بەو جۆرە تەماشەی پرۆسەی فێرکردن بکرێت کە سیستەمێکی لاوەکییە لە نێو سیستەمێکی گشتیتر، کە بریتیە لە کۆمەڵگە، چونکە هەم لایەنەکان سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە کاریگەری هەیە لەسەر بۆاری پەروەردەیی و فێرکردن و هەم دەکەوێتە ژێر کاریگەرییان. بۆیە دەبێ بارودۆخی گشتی کۆمەڵگە لەنێو فێرکردندا ڕەنگ بداتەوە (جوهر و جمعە، 2010، 16).

**ئامانجی دووەم:** تایبەت بە ئاراستەکانی قوتابیان بەرامبەر بە بەکوردیکردنی پرۆگرامی خوێندن بە پێی گۆڕاوەکانی:

أ- **ڕەگەز(نێر و مێ):**

ئەنجامەکان پیشانیان داوە کە تێکرای نمرەکانی قوتابیانی نێر (124,96) و لادانی پێوەرکاریان (19,962)، لەکاتێکدا کە تێکرای نمرەکانی قوتابیانی کچ (128,49) و لادانی پێوەرکاریان (18,389) یە و کاتێك جیاوازی واتاداری نێوان ناوەندەکانی ژمێریاری (نێوەنج) کچان و کوڕان لە ڕێگەی بەهای (T test) بۆ دوو سەمپڵی سەربخۆ تاقیدەکرێن، دەردەکەوێ کە لە ئاستی (0,05) و پلەی ئازادی (233) بەهای (T test) وەدەستهاتوو (1,14) کەمترە لە بەهای خشتەیی، کە بریتیە لە (1,97)، وەك لە خشتەی (4) دا هاتووە:

خشتەی (4) ئاراستەکانی قوتابیان بەرامبەر بە بەکوردیکردنی پرۆگرامی خوێندن بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز

| ڕەگەز | ژمارە | تێکرای نمرەکان (نێوەنج) | لادانی پێوەرکاری | بهای t | | پلەی ئازادی | سەلماندنی ئامارەیی و بەرامانبوونی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | وەدەستهاتوو | خشتەیی | | |
| نێر | 115 | 124,96 | 19,962 | 1,14 | 1,97 | 233 | 0.05 جیاوازی نیە |
| مێ | 120 | 128,49 | 18,398 | | | | |
| کۆی گشتی | 235 | | | | | | |

ئەو ئەنجامە ئەوە دەگەینێ کە تێکرای قوتابیان بە بێی جیاوازی رەگەزیان هاوڕان لەسەر بەکوردیکردنی پرۆگرامی خوێندن لە قۆناغی زانکۆدا. چونکە هەر دوو رەگەز وەك یەك هەست بە گرنگی بابەتی

بەکوردیکردنی پرۆگرامی خوێندن دەکەن، ئەو راستیە لە وڵامەکانیانەوە دیار دەبێ.

**ب – بە پێی پسپۆری قوتابیان:** ئەنجامەکان پیشانیان داوە کە تێکرای نمرەکانی قوتابیانی بەشەکانی زانستی (125,41) و لادانی پێوەرکاریان (20,531)، لەکاتێکدا کە تێکرای نمرەکانی قوتابیانی بەشەکانی وێژەیی (127,93) و لادانی پێوەرکاریان (18,009) یە و کاتێك جیاوازی واتاداری نێوان ناوەندەکانی ژمێریاری قوتابیانی بەشەکانی زانستی و وێژەیی لە رێگەی بەهای (T test) بۆ دوو سەمپڵی سەربخۆ تاقیدەکرێن، دەردەکەوێ کە لە ئاستی (0,05) و پلەی ئازادی (233) بەهای (T test) وەدەستهاتوو (1,01) کەمترە لە بەهای خشتەیی، کە بریتیە لە (1,97)، وەك لە خشتەی (5) دا هاتووە:

خشتەی (5) ئاراستەکانی قوتابیان بەرامبەر بە بەکوردیکردنی پرۆگرامی خوێندن بە پێی گۆڕاوی پسپۆریان

| پسپۆری | ژمارە | تێکرای نمرەکان(نێوەنج) | لادانی پێوەرکاری | بهای t | | پلەی ئازادی | سەلماندنی ئامارەیی و بەرامانبوونی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | وەدەستهاتوو | خشتەیی | | |
| زانستی | 109 | 125,41 | 20,531 | 1,01 | 1,97 | 233 | 0.05 جیاوازی نیە |
| وێژەیی | 126 | 127,93 | 18,009 | | | | |
| کۆی گشتی | 235 | | | | | | |

ئەو ئەنجامە ئەوە دەردەخات کە قوتابیانی هەر دوو بەشی زانستی و وێژەیی وەك یەك دەڕواننە پرۆگرامی خوێندن و وەك یەك لە کاریگەری گۆڕینی پرۆگرامی خوێندن بۆ زمانی کوردی تێدەگەن، بۆیە هاوڕان لەبەرامبەر بەکوردیکردنی ئەو پرۆگرامە لە قۆناغی زانکۆدا.

**ج – بە پێی تەمەنی قوتابیان:** ئەنجامەکان پیشانیان داوە کە تێکرای نمرەکانی قوتابیانی کە تەمەنیان لە نێوان 18 بۆ 21 ساڵە (127,68) و لادانی پێوەرکاریان (20,041)، لەکاتێکدا کە تێکرای نمرەکانی قوتابیانی کە تەمەنیان لە نێوان 22 بۆ 25 ساڵە (125,49) و لادانی پێوەرکاریان (18,053) یە و کاتێك جیاوازی واتاداری نێوان ناوەندەکانی ژمێریاری ئەو دوو گرووپەی تەمەنی قوتابیان لە رێگەی بەهای (T test) بۆ دوو سەمپڵی سەربخۆ تاقیدەکرێن، دەردەکەوێ کە لە ئاستی (0,05) و پلەی ئازادی (233) بەهای (T test) وەدەستهاتوو (0,86) کەمترە لە بەهای خشتەیی، کە بریتیە لە (1,97)، وەك لە خشتەی (6) دا هاتووە:

خشتەی (6) ئاراستەکانی قوتابیان بەرامبەر بە بەکوردیکردنی پرۆگرامی خوێندن بە پێی گۆڕاوی تەمەن

| تەمەن | ژمارە | تێکرای نمرەکان(نێوەنج) | لادانی پێوەرکاری | بهای t | | پلەی ئازادی | سەلماندنی ئامارەیی و بەرامانبوونی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | وەدەستهاتوو | خشتەیی | | |
| 18–21 | 136 | 127,68 | 20,042 | 0,86 | 1,97 | 233 | 0.05 جیاوازی نیە |
| 22–25 | 99 | 125,49 | 18,053 | | | | |
| کۆی گشتی | 235 | | | | | | |

ئەو ئەنجامە ئەو دەگەینێ کە هیچ جیاوازی واتاداری ئاماری لە نێوان تێکرای نمرەکانی قوتابیانی هەر دوو گروپی تەمەندا بەدیناکرێت، و دەکرێ ئەوە بەو جۆرە شرۆڤە بکرێت کە ئەو دوو گرووپەی تەمەن لە یەکتر نزیکن بۆیە دەبینین کاریگەری ئەوەتۆی لەسەر بیروبووچوونەکانی قوتابیان نەبووە، و قوتابیانی هەر دوو گرووپ وەك یەکتر دەڕواننە پێویستی و گرنگی بەکوردیکردنی پرۆگرامەکانی خوێندن لە قۆناغی زانکۆ.

د – زانینی ئاراستەی قوتابیانی سەمپڵی توێژینەوە بەرامبەر بە بەکوردیکردنی پرۆگرامی خوێندن بە پێی قۆناغی خوێندنیان:

بۆ گەیشتن بەو ئامانجە توێژەر ناوەندی ژمێریاری و لادانی پێوەرکاری هەر چوار قۆناغی دەرخستووە، بڕوانە خشتەی (7):

خشتەی (7) ناوەندی ژمێریاری و لادانی پێوەری سەمپڵی توێینەوە بە پێی قۆناغی خوێندن

| قۆناغ | ژمارە | نێوەنج | لادانی پێوەرکاری |
|---|---|---|---|
| یەکەم | 59 | 128,47 | 19,146 |
| دووەم | 67 | 124,96 | 20,123 |
| سێیەم | 65 | 130,51 | 17,308 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| چوارەم | 44 | 121,68 | 19,789 |
| کۆی گشتی | 235 | 126,76 | 19,220 |

و دوای ئەوەی توێژەر شیتەڵکردنەوەی جیاوازیی یەك ئاراستەیی بەکارهێنا و ئەنجامەکان لە خشتەی خوارەوە دا هاتووە(8):

خشتەی (8) ئەنجامی تاقیکردنەوەی ANOVA one-way بە پێی قۆناغەکانی خوێندنی قوتابیان پیشان دەدات

| قۆناغ | کۆی چوارگۆشەکان | پلەی ئازادی | ناوەندی کۆی چوارگۆشەکان | بهای F | | سەلماندنی ئامارەیی و بەرامانبوونی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | وەدەستهاتوو | خشتەیی | |
| نێوان قۆناغەکان | 2439,286 | 3 | 813,095 | 2,236 | 2,64 | 0.05 بەرامان نیە |
| لەنێو قۆناغەکان | 83999,369 | 231 | 363,634 | | | |
| کۆی گشتی | 86438,655 | 234 | | | | |

ئەو ئەنجامە ئەوە دەگەینێ کە هیچ جیاوازییەکی واتاداری ئاماری لە نێوان بیروبۆچوونەکانی قوتابیانی هەموو قۆناغەکان بەدیناکرێت، و دەکرێت ئەوە بەو جۆرە شرۆڤەبکرێت کە قوتابیانی گشت قۆناغەکانی خوێندن لە زانکۆی زاخۆ هاوڕان لەسەر بەکوردیکردنی پرۆگرامی خوێندن لەو قۆناغەی خوێندن، بۆیە دەبینین کە جیاوازی لە وەڵامەکانیان دەرناکەوێ.

## 5.1.دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە:

توێژەر لە توێژینەکەیدا بەم دەرئەنجامانەی خوارەوە گەیشت:

1- بەدیکردنی ئاراستەیەکی ئەرێنی بەرامبەر بە بەکوردیکردنی پرۆگرامەکانی خوێندن لە قۆناغی زانکۆ.

2- قوتابیانی زانکۆی زاخۆ بە بێی جیاوازی رەگەز، پسپۆری، تەمەن و قۆناغی خوێندن هاوڕابوون لەسەر ئەوەی کە بەکوردیکردنی پرۆگرامی خوێندن لە رووی ئابووری، زانستی، کۆمەڵایەتی، نەتەوەیی و نیشتمانی بۆ قوتابیان سوودی هەیە.

3- سەمپلی توێژینەوە نارازی بوون لەوەی کە پرۆگرامی خوێندن بەکوردی نیە. ئەوان بە مافی رەوای خۆیان دەزانن کە دوای دوانزدە ساڵ خوێندن بە کوردی، لە زانکۆش بە کوردی بخوێنن.

## 5.2.ڕاسپاردەکان:

لەبەر رۆشنایی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە ئەم ڕاسپاردانەی خوارەوە دەخرێنەروو:

1- گرنگیدانی مامۆستایان بەگۆتنەوەی وانەکان بە زمانی شرینی کوردی زیاتر لەوەی بە زمانێکیتر وانەکان بگۆترێن، بەو پێیەی کە زۆرینەی قوتابیان تەنها زمانی کوردی دەزانن.

2- هاندانی قوتابیان بە نوسینەوەی وانەکانی رۆژانە بە زمانی کوردی، تاوەکو بۆ ماوەیەکی زیاتر لە بیریان بمێنێتەوە، و هەروەها لە لایەنی ئابوورییەوە پارەیەکی کەمتر لە کۆپیکردنی (مەلزەمەکانی) رۆژانە خەرج بکەن.

3- مامۆستایان هان بدرێن بە گۆتنەوەی وانەکان بە زمانی کوردی لە نێوان ژیانی کۆمەڵگەی کوردەواری قوتابیان و وانەکاندا پەیوەندی دروست بکەن تا زیاتر بۆ قوتابیان ڕوون ببن.

4- هاندانی قوتابیان بەوەی کە راپۆرتەکانی رۆژانە و توێژینەوەکانی دەرچوونیان بە زمانی کوردی بنوسن تاوەکو زیاتر سوودی لێوەبگرن، بە تایبەت دوای دەرچوونیان لە زانکۆ و پەیداکردنی کارێك لە نێو کۆمەڵگای کوردەواری، زیاتر لەوەی کە بە زمانێکیتر تەنها خەریکی کۆکردن و گواستنەوەی (جمع و نقل) چەند لاپەڕەیەك ببن بە بێ ئەوەی لێیان تێبگەن و بزانن چییان نوسیوەتەوە.

5- لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بڕیاری ئەوە بدرێت کە لە خاڵەکانی بەرزکردنی پلە و نازناوی زانستی مامۆستایانی زانکۆکان مەرجی دانانی پەرتووکێکی کوردی لە بواری پسپۆری هەر مامۆستایەك زیاد بکرێت، وەك چۆن توێژینەوەی زانستی مەرجی بەرزکردنی نازناوی زانستیی مامۆستایانە، کە بەم جۆرە لە ماوەی چەند ساڵێك پەرتووکخانەی کۆلیژەکان پڕ دەبێ لە بەرهەمی زانستی بە زمانی کوردی.

6- کردنەوەی خولی فێربوونی زمانی کوردی بۆ مامۆستایانی کە کوردی نازانن یان نەتەوەی غەیری کوردن، بە ئارەزووی خۆیان و بۆ ئەوەی فێری کوردییەکی زانستی ببن و بتوانن بە کوردی وانە بڵێنەوە و تێنووسی تاقیکردنەوەی قوتابیان ڕاستبکەنەوە و نمرەی گونجاویان بۆ دابنێن.

## 5.3.پێشنیارەکان:

ئەوەی خوارەوە پێشنیارەکانی توێژینەوەکەن بۆ توێژەرانیتر لە داهاتوودا:

1- ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوشێوە لە زانکۆکانیتری هەرێمی کوردستان و بەراوردکردنی ئەنجامەکانی لەگەڵ ئەنجامی ئەم توێژینەوەیەدا.

2- ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوشێوە و دۆزینەوەی پەیوەندی لەگەڵ گۆڕاویتری نەهاتوو لەم توێژینەوەیەدا و بە تایبەت ئەوانەی پەیوەستن بە تایبەتمەندییەکانی کەسایەتی قوتابیان و لایەنەکانی کۆمەلآیەتی و باری ئابووری قوتابیان، و نمرەی زانستی لە وانەکانی خوێندندا.

3- ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی هاوشێوە بۆ زانینی ئاراستەی مامۆستایانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بەرامبەر بە بەکوردیکردنی پرۆگرامەکانی خوێندن.

## 6.لیستی سەرچاوەکان

**سەرچاوەکانی کوردی**

- تۆفیق، زرار سدیق (2008). زمانی کوردی لە سەدەکانی ناوەڕاست–لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی، گۆڤارا زانکۆیا دهۆك، پەڕپەندا:11، ژمارە:1، بپ 93–115.
- حوسێن، محەمەد تەها (2012). سایکۆلۆژیای پەیوەندیکردن، چاپخانەی رۆژهەلآت، هەولێر.
- سلێمان، رۆزان محمد قسیم (2013). کارگەرییا بکارئینانا ستراتیجییەتا نەخشێن تێگەهان ل سەر ئاستێ قوتابیێن قۆناغا سێیەم – پشکا زمانێ کوردی د بابەتێ رەوانبێژییێ دا و گەشەکرنا چێژا ئەدەبی و پالدەری لدەف وان بۆ فێربوونا بابەتی، ناما دکتۆرایێ نەبەلاڤکری، زانکۆیا زاخۆ.
- سندی، خالد محمد ( 2010). فەرهەنگا سندی: فەرهەنگەکا کوردی–کوردیە، بەشێ ئێکەم، چاپا ئێکەم، چاپخانا هاوار.
- موحسنی، مەنوچێهر (2007). دەروونزانی کۆمەڵناسی، وەرگێڕان: رێبوار سیوەیلی و ئەوانیتر، چ. 3، موکریانی، دەزگای ئاراس، هەولێر.

**سەرچاوەکانی فارسی:**

- ئێسنك، مایكل (1379). فرهنگ توصیفی روانشناسی شناختی، ترجمە: علینقی خرازی و دیگران، چ. 1، نشر نی، تهران: ایران.
- ئێزنك، مایكل و مارك كین (1389). روان شناسی شناختی، ترجمە: اكبر رهنما و محمد رچا فریدی، چ.1، ناشر: ئێبیژ، تهران:ایران.

**سەرچاوەکانی عەرەبی:**

- ابراهیم، ماجد موریس (2005). الارهاب: الڤاهره و أبعادها النفسیه، گ. 1، دار الفارابی، بیروت.
- أبو جادو، صالح محمد علی (2007). سیكولوجیه التنشئه الاجتماعیه، گ.6، دار المسیره، الاردن.
- أبو جادو، صالح محمد علی (2008). علم النفس التربوی، گ.6، دار المسیره، عمان:الڵردن.
- أبو حتله، ایناس عمر محمد (2005). نڤریات المناهج التربویه، گ.1، دار صفاو للنشر و التوزیع، عمان: الڵردن.
- الڵلوسی، جمال حسین و أمیمه علیخان (1983). علم النفس الگفوله و المراهقه، مگبعه جامعه بغداد.
- البرواری، محمد سعید حسین (2012). المعوقات الاجتماعیه و السیاسیه للتسامح فی المجتمع الكوردی، دراسه میدانیه فی اقلیم كوردستان العراق، مگبعه هاوار، دهوك.
- البیاتی، عبدالجبار توفیق و زكریا زكی أپناسیوس (1977). الاحصاو الوصفی و الاستدلالی فی التربیه و علم النفس، المؤسسه الپقافیه العمالیه، بغداد.
- بیرم، عیسی (2011). حقوق الانسان و الحریات العامه مقاربه بین النص و الواقع، گ.1، دار المنهل اللبنانی، بیروت: لبنان.
- التل، وائل عبدالرحمن و ئێخرون (2008). مقدمه فی اصول التربیه، گ.1، دار الجنادریه للنشر و التوزیع، عمان: الڵردن.
- جوهر، علی صالح و محمد حسن جمعه (2010). الشراكه المجتمعیه و اصلاح التعلیم: قراوه فی الڵدوار التربویه لمؤسسات المجتمع المدنی، گ.1، المكتبه العصریه للنشر.
- حموده، عگیه خلیل (2008). مدخل إلى التربیه، گ.1، دار یافا للنشر و التوزیع، عمان.
- الزغول، عماد عبدالرحیم و علی فالح الهنداوی (2015). مدخل إلى علم النفس، دار الكتاب الجامعی للنشر، گ.5، لبنان و الآمارات العربیه المتحده.
- السرور، نادیا هایل (2005). تعلیم التفكیر فی المنهج المدرسی، دار وائل للنشر، عمان: الڵردن.
- سعید، رچوان صدیق و بهاو متی روفائیل (2008). اتجاهات گلبه جامعه دهوك نحو علم النفس، مجله جامعه دهوك، المجلد: 11، العدد:1، 334–349.
- سلامه، عادل أبو العز (2008). تخگیگ المناهج المعاصره، گ.1، دار الپقافه، عمان:الڵردن.
- سلیم، مریم (2004). علم النفس التربوی، گ.1، دار النهچه العربیه، بیروت:لبنان.
- شریف، عبدالستار گاهر (1985). قاموس علم النفس، گ.1، مگبعه علاو، بغداد:العراق.
- الشكری، مپنی عبدالرسول و رحیم كامل العجری (2016). التدریس بین النڤریه و التگبیق، گ.1، الدار المنهجیه للنشر و التوزیع.
- عبدالرحمن، أنور حسین (2017). الاسس التصوریه و النڤریه فی مناهج العلوم الانسانیه و التگبیقیه، گ.1، دار صفاو للنشر و التوزیع، عمان: الڵردن.
- عبدالرحمن، عبدالله محمد (2000). دراسات فی علم الاجتماع، مجلد 2، گ.1، دار النهچه العربیه، بیروت: لبنان.
- العبیدی، محمد جاسم و باسم محمد ولی (2009). المدخل إلى علم النفس الاجتماعی، گ.1، دار الپقافه، عمان: الڵردن.
- عپمان، سعید و گارق كمال ( 2010). علم النفس الاجتماعی، مؤسسه شباب الجامعه.
- العزی، صلاح حسن ( 2011). دور التنشئه الاجتماعیه فی الحد من السلوك الاجرامی، گ.1، دار غیداو، عمان:الڵردن.
- علی، سعید اسماعیل ( 2007). اصول التربیه العامه، دار المسیره للنشر و التوزیع، عمان.
- عیسان، صالحه عبدالله (2007). اتجاهات حدیپه فی التربیه، گ.1، دار المسیره للنشر، عمان.
- قگامی، یوسف (2013). استراتیجیات التعلم و التعلیم المعرفیه، گ.1، دار المسیره للنشر و التوزیع، عمان.
- محمد، نصرالدین ابراهیم (2004). تقویم عمل المشرفین التربویین من وجهه نڤر المعلمین النخبه و مقترحاتهم لتگویره، رساله ماجستیر غیر منشوره.
- محمود، سعاد محمد فتحی (2004). اتجاهات حدیپه فی تگویر المناهج: الفلسفه و تدریس الفلسفه للڵگفال، گ.1، ایتراك للنشر و التوزیع.
- مصگفی، یوسف حمه صالح و خوشی لگیف گه (2008). الاتجاهات النفسیه نحو جنس الآخر و علاقتها بالتوافق النفسی لدی المراهقین، مجله جامعه دهوك، المجلد: 11، العدد:1، 227–242.

- المعايگه، خليل عبدالرحمن (2007). علم النفس الاجتماعی، گ.2، دار الفكر للنشر و التوزيع.
- المنيزل، عبدالله فلاح و العتوم، عدنان يوسف(2010). مناهج البحپ فی العلوم التربويه و النفسيه، گ.1، مكتبه الجامعه و إپراو للنشر و التوزيع، الشارقه و الّردن.
- النجار، فايز جمعه و یّخرون (2013). اساليب البحپ العلمی–منڤور تگبيقی، المكتبه الوگنيه، عمان:الاردن.
- الوكيل، حلمی أحمد و المفتی، محمد أمين (2007). أسس بناو المناهج و تنڤيماتها، گ.2، دار المسيره، عمان: الّردن.

**سەرچاوەی ئینگلیزی:**

- Colman, M. A. (2009). Oxford Dictionary of Psychology، 3th. Ed. Oxford university press، USA.
- Dunn, Dana S. (2001). Statistics and data analysis for the behavioral sciences, McGraw-hill.
- Gleitman, Henry, et al (2004). Psychology, 6th ed., Norton & company.
- Hornby, A. S. (2003). Oxford advanced learner’s dictionary, 7th ed., Oxford university press.
- Kellogg, Robert T. and Pisacreta, Richard (2003). The best test prapration for the GRE, Psychology test, research and education association, USA.
- Kreitner, Robert and Kinicki, Angelo (2004). Organizational behaviour, 6th ed., McGraw-Hill, Irwin.


پاشکۆی (1) ناوی ئەو پسپۆڕ و شارەزایانەی لە دروستکردنی کەرەستە و ئامرازی توێژینەوە سوودیان لێوەرگیراوە

| ژمارە | ناوی پسپۆڕ | شوێنی کارکردن | پسپۆڕی |
|---|---|---|---|
| 1 | پ. هـ. د. حوسێن عۆسمان عەبدولڕەحمان | زانکۆی زاخۆ | زمانی کوردی |
| 2 | پ. هـ. د. ستار جەبار حاجی | زانکۆی زاخۆ | وانەگۆتنەوە– کۆمەڵایەتی |
| 3 | پ. هـ. د. عەبدۆلسەلام نەجمەدین عەبدۆلا | زانکۆی زاخۆ | زمانی کوردی |
| 4 | پ.هـ. د. مزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد | زانکۆی نۆلج | زمانی کوردی |
| 5 | م. د. یّراس فازل عەبوزید | زانکۆی زاخۆ | وانەگۆتنەوە |
| 6 | م. د. زاهد سامی محەمەد | زانکۆی زاخۆ | دەروونناسی گەشە |
| 7 | م. د. صنعان شرۆ ملۆ | زانکۆی زاخۆ | وانەگۆتنەوە |
| 8 | م. بێوار تەها شوکری | زانکۆی زاخۆ | پلانی پەروەردەیی |
| 9 | م. محەمەد ئیسماعیل سۆلیمان | زانکۆی زاخۆ | وانە گۆتنەوە |
| 10 | م. م. ساجدە ئیسماعیل عەبدۆلا | زانکۆی زاخۆ | دەروونناسی کۆمەلآیەتی |
| 11 | محیەدین نوورەدین حەسەن | پەروەردەی زاخۆ | سەرپەرشتیاری پەروەردەیی–کوردی |
| 12 | سەلاحەدین تەوفیق نەعمەت | پەروەردەی زاخۆ | سەرپەرشتیاری پەروەردەیی–کوردی |

### اتجاهات طلبه جامعه زاخو نحو تكريد المنهج الدراسي و علاقته ببعض المتغيرات

**الملخص:**

يهدف البحث الحالي التعرف على اتجاهات عينه من الطلبه في جامعه زاخو نحو تكريد المنهج الدراسي في جامعات اقليم كوردستان والتعرف على الفروق تبعاً للمتغيرات (الجنس، التخصص، العمر و المرحلة)، وتألفت عينة البحث من (235) طالباً من جامعه زاخو اختيروا بطريقة عشوائية، و لهذا الغرض قام الباحث بإعداد استبياناً والمؤلفة من (32) فقرة، وتم استخراج الخصائص السيكومترية لها، ولغرض معالجة البيانات المستخرجة تم استخدام الوسائل الاحصائية المناسبة، وتبين وجود مستوى إيجابي من اتجاه الطلبه نحو تكريد المنهج الدراسي في المرحلة الجامعة في اقليم كوردستان ، مع عدم وجود فروق ذات دلالة احصائية بين اتجاهاتهم وفقاً لمتغيرات البحث، وعلى ضوء ذلك قدم الباحث مجموعة من التوصيات والمقترحات.

**الكلمات الدالة:** اتجاهات، الطلبة، تكريد، المنهج الدراسي.

### Attitudes of students of Zakho University Toward Kurdish language-converting curriculum and their relation with some variables

**Abstract:**

The aim of the study is to testify the statistical hypotheses concerning the significant differences between attitudes of a sample of students of Zakho University toward Kurdish language-converting curriculum in Kurdistan region universities and their relation with some variables (gender, specialization, age and class), the sample of the study consists of (235) students of the university, which have been selected randomly. For this purpose researcher prepared a questionnaire include of (32) items. The results of the study showed that members of research's sample have positive attitudes toward Kurdish language-converting curriculum and also there is no statistical significant difference among them according to the study's variables, and in the light of these results researcher gives some suggestions and recommendations.

**Keywords:** Attitude, Student, Kurdish language-converting curriculum.